# حزبه پیره‌كان داقوقیان فرۆشت

كاوێزمه‌لاپه‌روێز

با رێگا پر مه‌ترسی بێت، رێیَ ی مه‌تیق ده‌گرینه به‌ر به‌دڵێكی شاده‌وه ده‌روین، شادی له‌وخه‌لكه تروسكه‌ی ئازادی له‌م وولاته ده‌بینیَ كه لانه‌ی دیكتاتۆرو ترس وتۆقین بوه .........

كورده گیان روولەكەركوك نیَ لەدەروازەی شارەوە ئالاَی پیرۆزی كوردان پێشوازی رێبواران و هاوشارانی دەكات، تیشكی زەری خۆری ئالاكه كەرەمزی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیمانە بەدەم رێبوارانەوە دەخەنێتەوە، ئەمە هەستی نەتەوەی خەلكە بەتەنیا، رەنگرێژكردنی كەركوك بەئالاَی كوردستان دەبوو كاری حزبەكان بوایە لیَ هەستی خەفەكراوی ئەو خەلكەیە ئەمرۆ وا دەربری دەكات، خەلكی سیڤل لە حزبەكان باشتر تێكۆشان، ملمەملانیێ نیشتمانی خۆیان دەكەن لەكەركوك.

سرینەوەی ئاسەواری ناوچە بەعەرەبكراوەكان گەلەك لەوە زیاتر تێكۆشانی گەرەكە نابیَ چاوەنواری پیرە حزبەكانی كورد لەلایەك ئەمەریكا لەلایەكی تر بین بارو دۆخەكە پیویستی بە حزبی رەسەن و كادری كوردی (مەبەستم بیروكرداری كوردیانە) هەیە.

سیمای كەركوك بەئالاَی پیرۆزی كوردستانەوە سیمایەكی رەونەقدارە من بەشەوقەوە هەموو جار رێگای هەولیر–كەركوك–مەتیق دەگرمە بەر هەر جارەو بە جۆری بارودۆخی ئەو ناوچەیە گۆرانی بیسەر دێت ؟!

ئەمەریكا ناشارەزایە رێگا وێلَ دەكات هەر جارەو بە شیوەیەك رەفتار دەنوێنیَ !

هەردوو پیرە حزبەكەی كوردستان پارتی ویەكێتی زۆر نارێك وناكۆكن لەزۆر ناوچەی گرنگی كوردی بەعەرەبكراو، كارو كرداریان دورە لەهەڵویستی كوردانە لەم هەڵبژاردنەی داقوق پالێوراوەكانی كورد پارتی ویەكێتی نیوە زیاتر دەنگیان بە پالێوراوی عەرەب داوە عەرەبێكیان كردە قائیمقامی داقوق زۆر لە خەلكی ناوچە دلَیان شكا، یەكیك لەكوردە دەنگدەرەكانم بینی شانازی دەكرد كەدەنگی بەعەرەب داوە، بەشێوەكی گشتی خەلك دەلێن:

پارتیویەكێتی داقوقیان فرۆشت.

دەبیَ ئەو خائینانە كەدەنگیان بە عەرەبداوە لەلایەن هەردوو حزبەوە لێپرسینەوەیان لەگەل بكرێت.

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەرۆكەكەی بەرپرسیار نییە.